http://jgarmianuniv.net https://doi.org/10.24271/garmian.47

# دیالۆگ لە ڕۆمانی (ئەڵوەن)ی ئەحلام مەنسووردا

د. دیار فائق مجید

زانكۆی گەرمیان/ كۆلێژی زمان و زانستە مرۆڤایەتییەكان/ بەشی زمانی كوردی

## پێشەكی

دیالۆگ نەك تەنها لە ئەدەبدا، بەڵكو لە ژیانی هەموو مرۆڤێكدا گرنگی و بەهای خۆی هەیە. دیالۆگ لەڕۆماندا بەیەكێك لەتەكنیكە گرنگ و جەوهەرییەكان دادەنرێت و لەرێیەوە ڕۆمانووس پەیام و ئایدۆلۆجیای خۆی سەبارەت بەجیهانی ڕۆمانەكەی لەتێڕوانین و گۆشەنیگای كارەكتەرەكانەوە ئاراستەی خوێنەر دەكات، بەمەش جۆرێك لەفرەدەنگی لەنێو دەقەكەیدا بەرهەمدەهێنێت. ڕۆمانی (ئەڵوەن) كۆمەڵێك بەسەرهات و ڕووداوی ناوچەی خانەقین لەخۆدەگرێت كە لەلایەن ڕۆماننووس (ئەحلام مەنسوور)ەوە بە شێوازێكی هونەری ئاوێتەی ئەندێشە و خەیاڵ و دونیابینی خۆیی كردوون و ئەزموونێكی جیاوازی لە پرۆسەی دیالۆگدا بە پشت بەستن بە شێوەزاری ناوچەكە پێشكەشكردووە.

گرنگی لێكۆڵینەوەكە خۆی لەوەدا دەبینێتەوە كەدیالۆگ تەكنیكێكی گرنگی گێڕانەوەیە و لەڕوانگەیەوە مەبەست و باس و بەسەرهاتەكان لەدەنگی جیاوازەوە بەخوێنەر دەگات، بەجۆرێك وتە و گوزارشتەكان دەبن بەناسنامەی ڕۆشنبیری و فیكری و كۆمەڵایەتی كارەكتەرەكان، دواجاریش لەكۆی گشتی دیالۆگەكانەوە پەیامی ڕۆماننووس ئاراستە دەبێتەوە. لەلایەكی ترەوە ڕۆمانی (ئەڵوەن) خاوەن بونیادی هونەریی تایبەت بەخۆیەتی و دیالۆگیش لەم ڕۆمانەدا بووە بە پردێك بۆ ئاشناكردنی خوێنەر بەدابونەریت و كلتووری ناوچەكە، هەروەها گوزارشتە لەئاستی مەعریفی و ڕۆشنبیری تاكی كورد لە كات و شوێنێكی دیاریكراودا.

بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەكانی توێژینەوەكە ڕێبازی وەسفیی شیكاریی پەیڕەوكراوە، بەجۆرێك سەرەتا چەمك و زاراوەكان ناسێنراون و دواتر بنەما هونەرییەكانی دیالۆگ لەدەقی ڕۆمانی (ئەڵوەن) شیكراونەتەوە.

توێژینەوەكە پێكدێت: لەدەروازەیەك بەناونیشانی: چەمك و ئەركی دیالۆگ لەڕۆماندا، و لە تەوەری یەكەمدا جۆرەكانی دیالۆگ لە ڕۆمانی (ئەڵوەن)دا شیكراوەتەوە، بەجۆرێك هەریەك لەدیالۆگی سادە و شیكاری و هێمایی خراوەتە بەر باس و لێكۆڵینەوە، هەروەها تەوەری دووەم لەژێر ناونیشانی: شێوازەكانی پێشكەشكردنی دیالۆگ لە ڕۆمانی (ئەڵوەن)دا، هەریەك لە دیالۆگی ڕاستەوخۆ و دیالۆگی ناڕاستەوخۆ لێكدراوەتەوە.

لەكۆتاییدا گرنگترین ئەنجام و سەرچاوەكان و كورتەیەك لەتوێژینەوەكە بەزمانی عەرەبی خراوەتەڕوو.

**دەروازە/ چەمك و ئەركی دیالۆگ لە رۆماندا**

**دیالۆگ لە ژیانی هەموو تاكێكدا گرنگی و بەهای تایبەتی هەیە، بەوەی دیالۆگ دەبێت بە ناسنامەی هزری تاك و لەڕێی زمانی دایالۆگەوە هەموو كەسێك پێگە و شوێنی دیاریكراوی دەبێت لەنێو كۆمەڵدا. شوێن و كات كاریگەری زۆریان لەسەر دیالۆگ دەبێت، بەجۆرێك بۆی هەیە دوو شوێنی جیاواز وا لەیەك كەس بكەن هەمان بیروبۆچوونی خۆی سەبارەت بەیەك بابەت بەدوو شێوازی جیاواز ئاراستە بكاتەوە، بۆ نموونە (ماڵ) وەكو شوێنێكی داخراوی ئارام لەگەڵ (زیندان) وەكو شوێنێكی داخراوی نائارام، هەروەها ئەمە بۆ كاتیش بەهەمان شێواز دەبێت.**

**دیالۆگ لەنێو دەقی ئەدەبیدا بەتایبەتی دەقی گێڕانەوەییدا پێگەی گرنگی هەیە، لەڕووی مێژووییەوە ئەم تەكنیكە لەدەقی داستانی سەردەمی شارستانییەتی یۆنانی كۆندا دەبینرێتەوە([i]) و لە ئەدەبی نوێشدا دیالۆگ ئاوێتەی زۆربەی ژانرە ئەدەبییەكاندا بووە.**

**دیالۆگ یەكێكە لەتەكنیكە گرنگەكانی گێڕانەوەو پەیوەندی بەهێزی بەرەگەزەكانی تر ڕۆمان وەكو كارەكتەر و كات و شوێن و رووداو هەیە. مەبەست لەدیالۆگ ((گفتوگۆی نێوان دوو كارەكتەرە یان زیاتر))([ii]) و تێیدا پرۆسەی گفتوگۆكردن خولاو دەبێت، واتە پێویستە لە پرۆسەی دیالۆگدا بەلایەنی كەمەوە دوو كارەكتەر بوونیان هەبێت، بەجۆرێك كارەكتەرەكان جارێك دەبن بە قسەكەر و جارێكیش بەگوێگر، بەمەش دیالۆگ بەشێك لە ئەركی گێڕانەوە جێبەجێ دەكات و لەڕێیەوە جیهانی ئەندێشەكراوی ڕۆمان بە خوێنەر دەگات، بەواتایەكی تر ((خوێنەر لەڕێی دایەلۆگەوە دەتوانێت باری دەروونی و هەڵوێستی كۆمەڵایەتی و سیاسیی و فیكری ئایینی كارەكتەرەكان بناسێت)) ([iii])، چونكە پەیڤ و رستە و دەربڕینەكان گوزارشت لە ناسنامەی هزریی كارەكتەرەكان دەكەن، بەمەش دیالۆگ سێ لایەنی گرنگ بۆ خوێنەری ڕۆمان ئاشكرا دەكات:**

**<u>لایەنی یەكەم</u>: تیشك خستنە سەر باس و بابەتە جیاوازەكانی نێو جیهانی رۆمان لە گۆشەنیگای كارەكتەری جیاوازەوە، كە هەریەكەیان بە پێی ئاستی رۆشنبیری و مەعریفی و ئایدۆلۆجی و كۆمەڵایەتییان خاوەن جیهانبینی تایبەت بە خۆیانن، كەواتە دیالۆگ وەكو تەكنیكێكی گێڕانەوە دەرگا لەبەردەم فرە گێڕەرەوەیی لەڕۆماندا والا دەكات.**

**<u>لایەنی دووەم</u>: لەڕێی زمان و جۆری هەڵبژاردنی وشە و ڕستە و گوزارەشتەكانەوە دیالۆگ دەبێت بەدەروازەیەك بۆ ئاشكراكردنی بەشێك لەجیهانی تایبەتی و جیهانی بابەتی خودی كارەكتەرەكان، بەوەی هەستكردنێكی واقیعیانە لەلای خوێنەر دروستدەكات، كە بڕگەی دیالۆگەكان هەڵقوڵاوی ناخی كارەكتەرەكانن بەبێ ئەوەی رۆماننووس دەستتێوەردانیان تێدا بكات، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا دروستكردنی ئەو هەستە ریالیستییە پەیوەستە بە سەلیقە و توانا و ئەزموونی خودی ڕۆماننووسەوە.**

لایەنی سێیەم: دیالۆگ لە ڕۆماندا ئاماژەیە بۆ بوونی ڕاوبۆچوونی جیاواز بەوەی کارەکتەر تا چەند بەئازادانە گوزارشت لەناخی دەکات سەبارەت بەبیروڕای ئایدۆلۆژی و ئایینی و کۆمەلایەتی... ، یان بە پێچەوانەوە ئاماژەیە بۆ تاکڕەوی و ترس و شەرم و چە پاندن.

گرنگترین ئەرکەکانی دیالۆگ:

١- فرەدەنگی لە پرۆسەی گێڕانەوەدا، واتە زانیاری سەبارەت بەباس و بەسەرهاتەکان هەر جارەو لەگۆشەنیگای کارەکتەرێکەوە بە خوێنەر دەگات.
٢- دیالۆگ وا لە بەسەرهات و ڕووداوەکان دەکات واقیعیانەتر لەبەر زەینی خوێنەر دەرکەون.
٣- ڕێگە بۆ ڕۆماننووس خۆشدەکات زمانی ڕۆژانەی خەلك و بەشە دیالێکتە جیاوازەکان لەڕۆمانەکەیدا بەکاربهێنێت.
٤- زەمینە بۆ بوونی ڕاوبۆچوونی جیاواز لە ڕۆماندا خۆش دەکات.
٥- دیالۆگ ڕێڕەوی ڕووداوەکان لە خاڵێکەوە بۆ خاڵێکی تر دەگوازێتەوە(ⓒ).
٦- دیالۆگ تەکنیکێکە لەڕێیەوە باری دەروونی و ئاستی مەعریفی و ئابووری..هتد کارەکتەرەکان بە ناڕاستەوخۆیی لە ڕوانگەی گفتوگۆکانیانەوە بۆ خوێنەر ئاشکرا بن.

تەوەری یەکەم/ جۆرەکانی دیالۆگی لە ڕۆمانی (ئەڵوەن)دا:

دیالۆگ لەژیانی ڕۆژنەدا لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت بە پێی گرنگی دیالۆگەکە و هۆکاری دروستبوونی، هەروەها جیاوازی ئاستی رۆشنیری و مەعریفی لەگەڵ جیاوازی کات و شوێنی دەربڕینی، هەموو ئەمانە هۆکارن بۆ دروستبوونی جۆری جیاوازی دیالۆگ، بەهەمان شێوە لەڕۆماندا ئەو هۆکارانەی ئاماژەمان پێکردن، لەگەڵ بەرپاکردنی لایەنی جوانکاری لەنێو دەقدا بوون بەمایەی دەرکەوتنی چەند جۆرێك لە دیالۆگ لەڕۆماندا، لە گرنگترینیان: (دیالۆگی سادە، دیالۆگی شیکاری، دیالۆگی هێمایی)ن.

باسی یەکەم/ دیالۆگی سادە:

بریتییە لە گفتوگۆی ئاسایی و سادەی نێوان کارەکتەرەکانی ڕۆمان کە تێیدا بەشێوازێکی دوور لەئاڵۆزی بەزمانێکی ئاسایی نزیك لەقسەی ڕۆژانە دەدوێن، واتە دیالۆگێکی ((کردارەکییە و لەسەر بنەمای کاردانەوەی خێرا و وەڵامی سادە و

گۆڕینەوەی وشە دروست دەبێت کە لێکدانەوەی جۆراوجۆر هەڵئەگرێت، چونکە بۆخۆی وەڵامدانەوەی چاوەڕوانکراون بۆ پرسیارە ئاساییەکان)) کە خەڵکی ڕۆژانە لەنێو کۆمەڵدا ڕووبەڕووی یەکتری دەکەنەوە، کەواتە دیالۆگی سادە لە ڕۆماندا نزیکترین جۆری دیالۆگە لەگفتوگۆی ئاسایی و باوی نێو خەڵك.

ڕۆمانی (ئەڵوەن) ڕۆمانێکی مێژووییە و ڕۆماننووس (ئەحلام مەنسوور) هەوڵیداوە لەڕێی یادەوەرییەکانی کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەوە (کە هەر خودی ئەحلام مەنسوورە) تیشك بخاتە سەر ژیانی خەڵکی ناوچەیەکی دیاریکراو (خانەقین) لە مێژوویەکی دیاریکراودا، هەربۆیە ڕۆماننووس دەیەوێت هەستی واقیعیەت و ڕاستیی باس و بەسەرهاتەکان لەزەینی خوێنەر دروستبکات، بۆ ئەم مەبەستەش هاتووە زمانی شێوەزاری خانەقینی کردووە بە زمانی سەرەکی دیالۆگەکان، ئەمەش وایکردووە کە دیالۆگی سادە پانتاییەکی فراوان لە دەقەکەیدا داگیر بکات.

لە دیالۆگێکی نێوان کڕیارێکی لادێیی و کارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکە (لەیلای منداڵ)، کە باپیرەی لەکاتی نوێژکردن و پشووی نیوەڕۆدا لەدوکانەکەیدا بۆ چاودێرکردن دایناوە، هاتووە:

- کەتان دیرن؟

منیش لە خۆمەوە دەمووت:

- نە نییە... نێزانم... تا باپیرم تێد دوویاخر بەو...
- هەو من ئیسە چمە ئاوایی خودا زاند، کەی جاریگ تر تێمەو!...
- بیژمە پی ناود چەس؟
- خۆی ناسدەم. (ئەڵوەن :١٤-١٥)

ئەم دیالۆگە لە جۆری دیالۆگی سادەیە و لەڕووی پێکهاتەوە هاوتایە لەگەڵ قسەی ئاسایی ڕۆژانە. ڕۆماننووس لەڕێی زمانی کارەکتەرەکانەوە (بیژمە پی ناود چەس؟ / هەو) تیشك دەخاتە سەر تەمەن و شوێنی کارەکتەرەکان و تێیدا هەوڵیداوە وێنەیەکی هاوشێوەیی ژیانی ڕاستەقینە سەبارەت بەجیهانی ڕۆمانەکەی بۆ زەینی خوێنەر بگوێزێتەوە، چونکە ئەم جۆرە دیالۆگانەدا لە ڕۆمان و ((چیرۆکی ریالیزمی تەقلیدیدا بەرچاو دەکەن. چیرۆکنووسان بۆ ئەوە بەکاری دەهێنن تا دەقی چیرۆکەکانیان لە ژیانی واقیعی نزیك بکەنەوە، یان ڕەهەندی ڕیالیزمی بەو دەقانە ببەخشن))، ئەمەش بووە بە هۆکارێك کە ڕۆماننووس شێوەزای خانەقینی لە ڕۆمانەکەیدا بۆ دیالۆگەکان بەکاربهێنێ، چونکە وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا ڕۆماننووس شاری (خانەقین) دەکات بە کەرەستەی شوێن و کات بۆ کارەکەی، لێرەشەوە لەدەرگای کۆمەڵێك باس و دیاردە و گرفتی کۆمەڵایەتی داوە کەقابیلی قسەلەسەرکردن و بەسەرکردنەوەن، واتا تایبەتمەندی شوێن وای خواستووە کەڕۆماننووس شێوەزاری خانەقینی بکات بەزمانی دیالۆگ، ئەمەش نەك کەموکورتی نییە بگرە ناساندنی شێوە زارەکەیە بە خوێنەرانی کورد و دەکرێ سوود بەزمانی نەتەوایەتی بگەیەنێت، چونکە ((بەکارهێنانی

وشەی زاری ناوچەیی دەبێتە هۆی دەوڵەندبوونی فەرهەنگ/ قاموسی زمانی نەتەوەیی و، بەبڕشتبوونی زمانەکە و، دەرخستنی پتری نهێنییەکانی زمان و ڕوونکردنەوەی مێژووی زمان لەڕووی گۆکردنی وشە و ڕێزمان و تەنانەت دۆزینەوەی پێوەندیی خودی زارە ناوچەییە جیا جیاکان خۆشیان، کە بە قازانجی یەکیەتی زمانی نەتەوەیی دەشکێتەوە))[ئئئ].

دیارە تایبەتمەندی شوێن وای لە رۆماننووس کردووە پابەند بێت زمانی ناوچەیی لەڕۆمانەکەیدا بەکاربهێنێ، بەڵام لە پرۆسەی گێڕانەوەدا زمانی نەتەوەیی باوی بەکارهێنراوە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەردەخات رۆماننووس هیچ رەهەندێکی ئایدۆلۆژی لە پشت کارەکەیەوە نییە، کەواتە دەتوانین بڵێین یەکێك لە هۆکارە گرنگەکان ئەوەیە ڕۆماننووس ((لەبەر پێداویستی هونەریی زاری ناوچەیی، یا شێوەزار بەکار دەبا))[ئ]، چونکە لەڕۆمانی (ئەڵوەن)ی (ئەحلام مەنسوور)دا پرۆسەی گێڕانەوە لەلایەن کارەکتەر/گێڕەرەوە ئەنجامدراوە، هەربۆیە گێڕەرەوە هەڵساوە بە پێشکەشکردنی دیالۆگەکان بەشێوەزاری خانەقینی وەکو ئەوەی لەسەر زاری کارەکتەرەکاندا هاتوون.

دیالۆگی سادە لەڕۆمانی (ئەڵوەن)دا بەشێوەیەکی بەفراوان بەرچاو دەکەوێت، چونکە ڕۆماننووس ئامانجی گەیاندنی وێنەکانی ناو واقیعە وەکو خۆیان یان هاوشێوەی واقیع بۆ نێو دەقی رۆمانەکەی، بۆ نموونە کاتێك کارەکتە (زەینەب) دەیەوێت سەردانی قەبرستان بکات، بۆ ئەو مەبەستە گفتوگۆیەك لەنێوان (زەینەب) و (حەسەن ئاغا)ی مێردی دروست دەبێت:

- ئیمڕو پەنج شەمەس ئێوارەس، توام بچمە قەورسان، توام سەریگ لە قەور باوگ و دایگم بدەم...
- ئەی دویتەگان؟
- توان بان وەگەلم ئەرا قەورسان... منیش لە دڵم نێتیەد بۆمەیان توان وەچاو قایمیی خۆیان بکەفنە شوینم ناچارم کردن بدەم لە لییان.
- وەگەڵ کی چید؟
- ها . وەگەڵ هاوساگان. (ئەڵوەن: ١٨٢)

دیالۆگی سادە زۆرجار ((هیچ لەخۆ ناگرێت و تەنها بریتی دەبێت لەقسەوباسێك کەباروذۆخی قسەکردن دەیسەپێنێ بەسەر قسەکەرەکاندا))[]، واتە دیالۆگی نێوان کارەکتەر (زەینەب) و (حەسەن ئاغا) سەبارەت بەسەردانیکردنی قەبرستان، دۆخی قسەکردنەکە (گریانی منداڵەکان) هێناویەتە ئاراوە، خودی دیالۆگەکەش سادەیە و جگە لە دروستکردنی وێنەیەکی ریالیستیی هاوشێوەی ژیانی ڕۆژانەی ئاسایی کە لەنێوان ژن و مێردا دروست دەبێت، هیچ پەیامێکی تری لە پشتەوە نییە.

**باسی دووەم/ دیالۆگی شیکاری:**

دیالۆگی شیکاری یان لێکدراو، لەم جۆرە دیالۆگەدا کارەکتەر لەڕێی ئاوێتەکردنی بڕگەی وەسفی لەگەڵ قسەکانی یان بەبێ وەسفکردن تێڕوانینی خۆی سەبارەت بەبابەت و دیاردە جۆربەجۆرەکانی ناو جیهانی ڕۆمانەکە دەخاتەڕوو.

دیالۆگی شیکاری هەندێجار لەسەر بنەمای وەسف و شیکردنەوە دادەمەزێو تێیدا لەڕوانگەی وەسفی قوڵ و وردەوە تێڕامان ئەنجامدەدرێت و گۆشەنیگا و جیهانبینی شیکاریی کارەکتەر بۆ شت و دیاردەکان دەخرێتەڕوو بەبێ ئەوەی لایەنگیری یان دژایەتیکردن لەخۆبگرێت[]، بەمەش بەهۆی وەسف و شیکردنەوەوە ڕەوتی بەرەوپێشچوونی ڕووداوەکان سست دەبێتەوە، چونکە ئەم جۆرە دیالۆگە ((گفتوگۆیەکی قوڵە و ڕوونکردنەوەو ڕاڤەکردن لەخۆدەگرێت و پشت بە بەڵگە و پاساو دەبەستێ بە ئامانجی قایلکردن))[] و ڕازیکردنی گوێگر.

لەڕۆمانی (ئەڵوەن)دا و لەدیالۆگێکی شیکاریدا، پاش ئەوەی منداڵێك لەبوخچەیەك لەسەر سەکۆی مزگەوتی گەڕەکی کارەکتەر (لەیلا)دا دادەنرێت، کارەکتەر (ئامە) شیکاری بۆ دەکات و دەگات بەوەی:

- ها... ئەوە...
- چەس؟
- زووڵە.
- دایە زووڵ یانی چە؟
- توو جارێ نێفامید. (ئەڵوەن: ل٢٩)

هەروەها لە نموونەیەکی تردا کاتێك کارەکتەر (لەیلا) لە گێڕانەوەکاندا باس لە کاردانەوەی ژنانی گەڕەکەکیان دەکات بە بینینی کارەکتەر (ئامە)، ئەم دیالۆگە دەخاتەڕوو:

- دەم و چاوود شومە، وەی شەوە چە هاوردەدە ئەیرا، ڕێگە قەحەق بی؟
- ئامەیش دەیوت:
- ئەرێ ئەی ئاین و ئووینە چەس؟... دایگم من وەڕیی خوەم تێم و وەڕیی خوەم چم، گوی وەڕوح باوگ ئەو کەسە گومان لەمن کەد. (ئەڵوەن: ٦٩)

لێرەدا ڕۆمانووس لەڕێی وەسفی ژنانی گەڕەکەوە: (**دەم و چاوود شومە**)، هەروەها بەهۆی وەسفکردنی کاتەوە (**شەو**) دەیەوێ تیشك بخاتە سەر کردەوەکانی (ئامە) و ترس و دڵەڕاوکێی ئافرەتان بەرامبەری، بەوەی ئامە نێوەندگیری لەنێوان ژنانان و پیاواندا بە مەبەستی هاوسەرگیریی دووەم.

**سێیەم/ دیالۆگی هێمایی:**

مەبەست لەهێما ئەوەیە قسەکەر لەکاتی گفتوگۆکردندا لەدەربڕینی ڕاستەوخۆ دوور بکەوێتەوە، واتە کارەکتەر لەکاتی قسەکردندا هەڵسێت بە ((باسکردنی ڕاستییەکان لە ڕێی ئاماژە و هێماکردنەوە نەك بەئاشکرا و ڕوونی))[٤٤] قسەکانی ئاراستە بکاتەوە.

ئەم جۆرە دیالۆگە تایبەتمەندی هێمابۆکردن و ئاماژەپێدان لەخۆدەگرێت و دووردەکەوێتەوە لەڕاستەوخۆیی ئاشکراو ڕاپۆرت ئاسا، بەڵکو لە دیالۆگی هێماییدا وزەی گوزارشتکردن بەدی دەکرێت[٤٥].

لەدیالۆگی هێماییدا زۆرجار ڕۆماننووس لەڕێی قسە و دەربڕینی کارەکتەرەکانەوە هێما بۆ بیرکردنەوەو ئاستی ڕۆشنبیری و جیهانبینی کارەکتەرەکان دەکات، بۆ نمونە لەگێڕانەوەی بەسەرهاتی شایی و ئاهەنگی گواستنەوەی گەڕەکی کارەکتەر (لەیلا)دا پاش ئەوەی ژن و کچانی گەڕەك خۆیان دەڕازاندەوەو لەماڵی بوکیٚ کۆدەبوونەوەو هەندیٚ پیاوانیش: (**لە سەربانەکانەوە و لە کونی پەرژینەکانەوە سەیری قاچ و دەست و سنگی ژنانیان دەکرد...**) و دواتر لە کاتێکی تردا دیالۆگ لەنێوان کارەکتەرەکان دروست دەبوو:

- **پای ژنەگەد چەرمییە، ئیژید خەیار ئاوییە.**
- **گەواد ژنەگەم لە قاپی دەرنێچدە دەشت وەعەبا نەوود توو لە کورە دیدەی؟ چوین چاوود کەفتە پی؟.**
- **خودا زاند.**
- **چوین؟**
- **ئیژم مەگەر خودا خۆی بزاند چوین چاوم کەفتە پی.**
- ......(ئەڵوەن: ٣٦)

لێرەدا دیالۆگ بریتییە لە هێماکردن بۆ بیرکردنەوەی پیاوان لەنێو کۆمەڵدا، ئەویش لەدوو ڕوانگەوە، یەکەم: پیاو وەکو مرۆڤ، کە بوختان و درۆ بۆ بەرامبەر (ئافرەت) دروست دەکات. هەروەها دووەم پیاو وەکو هاوسەر، کە کەسێکی بەگومان و بێمتمانەیە بەرامبەر بە ئافرەت.

دیالۆگی هێمایی وا لە خوێنەر دەکات تێڕامان بۆ قسە و دەربڕینی کارەکتەرەکان بکات، بەمەش ئەرکی بەدەستهێنانی مانا دەکەوێتە ئەستۆی خوێنەر. لە ڕۆمانی (ئەڵوەن)دا و لە دیالۆگێکی هێماییدا گفتوگۆیەك لەنێوان کارەکتەر (ئامە)ی دایك و کارەکتەر (سەعدە)ی کچی دروست دەبێت و تێیدا کارەکتەر (ئامە) زۆر بەهۆشیاری و تێگەیشتوانە باس لەهەندیٚ حاڵەت (کردەوەو ڕەفتاری ناپەسەند) دەکات، سەبارەت بەو کەسانەی ڕۆژانە ڕووبەڕووی کچە تازە پێگەیشتووەکەی دەبنەوە، بۆیە (ئامە)ی دایك وەکو هاوڕێی و پەنایەك دوور لەفشارکردن و ترس و لێپێچینەوە

گوێڕایەڵی كچەكەی دەبێت، لەبەرامبەریشدا (سەعدە)ی كچ بێدوودڵی و لەگەڵ هەندێك شەرمدا دەرگای دڵی بۆ دایكی دەكاتەوە:

- دایە.
- ها.
- چشتێك تر هەس... ترسم بیژمەی و تنیش.
- بیژ.
- ئاخر.
- بیژەی رووڵە نەترس.
- نانەواگە نییە.
- ئێ.
- كوڕەگەی هات و لەقاپیماندا. منیش چیم و قاپییەگە بكەمەوە كە نانەگەی دایە دەسم...
- ئی قرڕنجگ لە لید گرد؟
- نە دەس دریژ كرد ئەرام، تواست دەسم بگرد... تواست قاپییەگە بكەمەو، وەدەس ڕاسی زوور لە قاپییەگە كرد تا بكریەدەو بادە ماڵ...
- ئێ توو چە كردی؟
- وە زوور قاپییەگەمان وەسام و نانەگە لەلی سەندم.
- خاس كردید.(ئەڵوەن: ل٩٤-٩٥)

ئەم دیالۆگە درێژە دەكێشێ و تێیدا (دایك) و (كچ) سەبارەت بەكۆمەڵێك بابەت قسە، دەكەن بەبێ ئەوەی كارەكتەر (ئامە) وەكو دایكێك هیچ ڕووگرژییەك یان توڕەبوونێك بەرامبەر قسە و كردەوەكانی كچەكەی بنوێنێت، كۆی دیالۆگەكە هێمایە بۆ كەسێتی و ناسنامەی بیری كارەكتەر (ئامە)، بەوەی ئەگەرچی كەسێكی هەژارە و لە چینی خوارەوەی كۆمەڵدایە بەڵام خاوەن جیهانبینی تایبەتە ، بگرە ئەم كەسایەتییە لەناو كۆمەڵدا بە مرۆڤێكی بەدكار و ڕەفتار نەشیاو ناسراوە بەوەی تلیاككیش و جگەرە خۆرە، ڕۆماننووس دەیەوێت لەو ڕوانگەیەوە ئەوە بەخوێنەر ڕابگەیەنێت، كە ئەنجامدانی ئەو كارانەدا كارەكتەر ئامە) لە تلیاككێشی و جگەرەكێشانیشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە كە ئەم كارەكتەرە كەسێكی نامۆ و یاخییە لەكردار و ڕەفتار و ئایدیای كۆمەڵ و دەوروبەر، چونكە وەك دەردەكەوێت زۆربەی تاكەكانی ناو كۆمەڵ لەڕووی بیروباوەر و رەفتاریان دژ بەیەكن.

نموونەی دیالۆگی هێمایی لە ڕۆمانی ئەڵوەندا لە كۆی قسە و وتەكانی كارەكتەر (ئامە)دا بەدی دەكرێت، واتا دیالۆگەكانی ئامە لەگەڵ كارەكتەرەكانی تری ناو ڕۆمانەكە دەبن بە (هێما) بۆ ناخپاكی و ڕاستگۆیی و دڵسۆزی، كەواتە ((پێویستە دیالۆگ و قسەی كارەكتەر لەچوارچێوەی گشتیی ڕووداوەكاندا تەماشا بكەین، نابێت بەتەنها و دابڕاو لەتانوپۆی گشتیی كاری چیرۆكیی وەربیگرین)) ، چونكە لەڕوانگەی یەك دیالۆگەوە ناتوانرێت كەسێك هەڵبسەنگێنرێت.

هەروەها دیالۆگی نێوان كارەكتەر (ئامە) و كارەكتەر (ڕافزی) كە بەئەركی سەگ كوشتن هەڵدەسێت لەناو گەڕەكەكانی خانەقین (ئەڵوەن: ل٢٤-٢٨) نموونەیەكی تری دیالۆگی هێماییە لەڕۆمانی ئەڵوەندا.

**تەوەری دووەم/ شێوازەكانی پێشكەشكردنی دیالۆگ:**

ڕۆماننووس و نووسەران لە پێشكەشكردنی دەق و پێكهاتەی بەرهەمە ئەدەبییەكانیاندا شێواز و ڕێگەی جیاواز و تایبەتیان هەیە، ئەمەش بەپێی كات و شوێن گۆڕانكاری بەسەردا دێت، لەپاڵ ئەمەشدا شێوازی گشتی و شێوازی تایبەتی بوونی هەیە. دیالۆگیش كەیەكێك لەهۆكارە گرنگەكانی گێڕانەوە لەڕێیەوە كارەكتەرە جیاوازەكانی ناو ڕۆمان هەڵدەسن بەپێشكەشكردنی زانیاری و ڕوونكردنەوە لەگۆشەنیگای جیاوازەوە، (كەواتە دیالۆگ یەكسانە بە گێڕانەوە) ، چونكە لەڕێی ئەم تەكنیكەوە بەشێك لەباس و بەسەرهاتەكان پێشكەش بەخوێنەر دەكرێت.

سەبارەت بەخستەڕووی دیالۆگ شێوازی جۆراوجۆر لەنێو ڕۆماننووساندا بەدی دەكرێت، بەڵام لەگەڵ جۆربەجۆری دیالۆگدا ڕەخنەگران بەشێوەیەكی گشتی لەنێو دەقی ڕۆماندا دوو جۆری سەرەكی لەشێوازی پێشكەشكردنی دیالۆگ دەستنیشان دەكەن كە ئەوانیش بریتین لە (دیالۆگی ڕاستەوخۆ) و (دیالۆگی ناڕاستەوخۆ).

**<u>باسی یەكەم/ دیالۆكی ڕاستەوخۆ:</u>**

دەستنیشانكردنی هەردوو جۆرەكەی دیالۆگ بەپلەی یەكەم پەیوەندی ڕاستەوخۆی بەشێوازی گێڕانەوەو شوێنی گێڕەرەوە هەیە لەچوارچێوەی دەقی ڕۆماندا، لەدیالۆگی ڕاستەوخۆدا ڕۆماننووس دەنگ و بوونی خۆی حەشاردەدات و ڕێگەخۆش دەكات بۆ كارەكتەرێك یان كۆمەڵێك كارەكتەر كە بەئەركی گێڕانەوە هەڵسن، بەمەش بڕگە و دەربڕینەكان (دیالۆگ) لەخودی كارەكتەر/ گێڕەرەوە ڕاستەوخۆ ئاراستەی خوێنەر دەكرێت، بەمەش جۆری دیالۆگەكە دەبێت بە ڕاستەوخۆ، چونكە دیالۆگەكە لەلایەن خودی كارەكتەرەوە ڕاستەوخۆ دەردەبڕێت، واتە لەم جۆرە دیالۆگەدا پێویستە

گێڕەرەوە ((خۆی بچێتە شوێنی كەسەكە و بەچاوی ئەو شتەكان ببینێت و بە مێشكی ئەو بیربكاتەوەو بەهەست و سۆزی ئەو هەست بكات)) ، بۆ ئەم مەبەستەش زۆرجا ڕۆماننووس جێناوی كەسی یەكەمی قسەكەر لە گێڕانەوەی دیالۆگدا بەكاردەهێنێت.

لەڕۆمانی (ئەڵوەن)دا سەرەڕای ئەوەی گێڕانەوە لەلایەن كارەكتەر/ گێڕەرەوە (لەیلا)وە پێشكەشدەكرێت، بەڵام دیالۆگی ڕاستەوخۆ لەم ڕۆمانەدا بەراورد بە دیالۆگی ناڕاستەوخۆ كەمە، بۆنموونە كاتێك كارەكتەر (لەیلا) لەلایەن باپیریەوە بەهۆی ڕەفتاری بەرامبەر بەدراوسێ دوكاندارەكانی باپیری سزادەدرێت، لەگەڕانەوەیدا بۆ ماڵی كارەكتەر (ئامە)ی دایەنی، ئەم دیالۆگە لەنێوانیاندا دروست دەبێت:

بەگریانەوە گەیشتمە ماڵی ئامە... ئامە وەكو شێت ڕووبەڕووم هات:

- ها ڕۆڵە چەوە؟
- ......
- ئەڕا گیرید؟
- ئهی ئهی ئهی.
- نەگیر چە ببیە بیژە پیم؟
- دایە... ئهی ئیهی... ئهی ئهی... هەڵس بۆرەمە ماڵ. م.. من نا... نا... خێزانم نییە كوشنەم... دیگم. باوكم ئهی ئهی... دەنەلیم... (ئەڵوەن: ١٨-١٩)

دیالۆگەكە لە جۆری ڕاستەوخۆیە، چونكە لەلایەن كارەكتەر/ گێڕەرەوە (لەیلا)وە پێشكەشكراوە و خۆیشی یەكێكە لەجەمسەرەكانی دیالۆگەكە، كەوەكو شاهید حاڵێك لە نزیك باس و بەسەرهاتەكانەوە قسە و دیالۆگی خۆی و كارەكتەر (ئامە) پێشكەش دەكات، بۆ ئەم مەبەستەش جێناوی كەسی یەكەمی قسەكەری بەكارهێناوە (گەیشتمە ماڵی ئامە، ڕووبەڕووم هات) ،ئەم جۆرە گێڕەرەوەیە پێی دەوترێت گێڕەرەوەی ئامادە .

كارەكتەری سەرەكی ڕۆمانەكە (لەیلا) كەهەر خۆی گێڕەڕەوەی باس و بەسەرهاتەكانە، پاش ئەوەی بەیانییەكی زوو لەلایەن ئافرەتێكی نەناسراوەوە بوخچەیەك لەسەر سەكۆی مزگەوتی گەڕەكەكەیان دادەنرێت، كارەكتەر (لەیلا) خۆی دەگەیەنێتە ماڵی كارەكتەر (ئامە) و ئەم دیالۆگە لە نێوانیاندا دروست دەبێت:

- ئامە ملاڵێگ لەسەر سەكووی جامعەگە نریاس.
- .......
- دایە ئامە ملاڵێگ ملاڵ.

- .......
- **كووره ئێژم ملاَلێگ ملاَلَ له وەردەم قاپی جامع ئنگا ئنگا كەد...**
- **وە چاو خۆد دوینستیدەی؟**
- **ئا وە هەردوو چاوم وە ئیمام.** (ئەڵوەن : ٢٩ )

ئەم دیالۆگە لەڕێی دەنگی ( لەیلا )وە بەبێ نێوەندگیری ڕاستەوخۆ ئاراستەی خوێنەر كراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆماننووس لەڕێی دەنگی ئەم كارەكتەرەوە ڕوونكردنەوە بەخوێنەر دەدات و دەڵێت:

**له ڕاستیدا جگه له دەنگ مناڵم نەبینی... بەڵام ئامه زانی درۆم كرد بۆیه دووبارەی كردەوە:**

- **وە چاو خۆد دوینستیدەی؟**
- **ها، ئا. نه.**

ڕاسته لەم ڕۆمانەدا گێڕەرەوەی سەرەكی كارەكتەرێكی نێو دەقەكەیە و له نزیك ڕووداوەكانەوە وەك شایه تحالێك دیالۆگ و باس و بەسەرهاتەكان پێشكەش دەكات، لەگەڵ ئەوەشدا ڕۆماننووس مەبەستێتی كه دوور بكەوێتەوە له ناڕوونی و ئاڵۆزی له پرۆسەی گێڕانەوەدا، بۆیه هاوشێوەی ڕۆماننوسانی ریالیزمیی سەدەی نۆزدەیەمی ئەوروپی خوێنەر هەست بەبوونی نووسەر دەكات لەكاتی گێڕانەوەكاندا، ئەویش لەڕێی ڕوونكردنەوەو تێبینیدان لەسەر دیالۆگەكان، وەكو (**بەڵام ئامه زانی درۆم كرد بۆیه دووبارەی كردەوە**) واته ئەم گێڕەرەوەیه توانای ئاشكراكردنی دیوی ناوەوەی كارەكتەری بەرامبەری هەیە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕوونكردنەوە بەخوێنەر دەدات، هەروەها لەلایەكی تریشەوە ڕوونكردنەوە لەسەر قسەكانی خۆیشی دەدات و دەڵێت: (**له ڕاستیدا جگه له دەنگ مناڵم نەبینی**). ئەمانە ئەوە دەسەلمێنن ڕۆماننووس لەگێڕانەوەی جیهانی ڕۆمانەكەیدا ڕاسته پشتی بەكارەكتەر/ گێڕەرەوە بەستووەو وەكو شایه تحالێك لەنزیك ڕووداوەكانەوە باس و بەسەرهاتەكان پێشكەش دەكات، بەڵام ئەو كارەكتەرە تەنها بەم ئەركە هەڵناسێت، بەڵكو بە ڕوونكردنەوە و تێبینی لەسەر دیالۆگ یان كۆی باسەكانی تری ڕۆمانەكه بێت بۆ خوێنەر دەبێ بە ڕێنیشاندەر، ئەمەش وای كردووە كارەكتەر/ گێڕەرەوە له جۆری هەمانشتزانەوە بكات بە هەمووشتزان، نەك تەنها ئەمە بەڵكو بەهۆی شێوازی زانیاری ئاشكراكردنەوە خوێنەر هەست بەوە دەكات دەنگی كارەكتەری سەرەكی/ گێڕەرەوەی ڕۆمانەكە(لەیلا)، هەر دەنگی خودی ڕۆماننووس (ئەحلام مەنسوور)ە و تەنها لەڕێی جێناوی قسەكەرەوە دەنگی گێڕەرەوەی گواستۆتەوە بۆ ناوەوەی ڕۆمانەكە، ئەم جۆرە مۆدیلەش له گێڕانەوە مۆدێلێكی ڕیالیزمییه كەزیاتر هەوڵی چەسپاندنی ڕاستییەكان و گواستنەوەیان دەدات بە ئەمانەتەوە بۆ زەینی خوێنەر، بۆ ئەوەی وا لەخوێنەر بكات كەلەبەردەم كۆمەڵێك ڕووداو و باسی ڕاستەقینەدایە.

**باسی دووەم/ دیالۆگی ناڕاستەوخۆ:**

لەدیالۆگی ناڕاستەوخۆدا گێڕەڕەوە لەچوارچێوەی پرۆسەی دیالۆگی کارەکتەرەکاندا بە ڕاستەوخۆیی ئامادەنابێت، بەڵکو لە دەرەوەی بازنەی جیهانی ڕۆمان یان دەرەوەی بازنەی دیالۆگدا دەبێت و لەڕێی بەکارهێنانی جێناوەکانی کەسی سێیەمی نادیارەوە قسە و وتووێژی کارەکتەرەکان بۆ خوێنەر دەگوازێتەوە، ئەم جۆرە دیالۆگە بە زۆری لە ڕۆمانی ریالیزمیدا دەبینرێتەوە بەوەی رۆماننووس/ گێڕەڕەوە لە دەرەوەی جیهانی ڕۆمانەکەوە ((دەبێت بەکەناڵێك و لە رێی دەنگی خۆیەوە دایەلۆگەکە بە ناڕاستەوخۆیی بەخوێنەر دەگەیەنێت))[١٤]، یاخود گێڕەڕەوە لە جۆری کارەکتەر/ گێڕەرەوەیە، بەڵام دیسانەوە ئەم کارەکتەرە خودی خۆی بەشێك نییە لە پرۆسەی دیالۆگەکە لەگەڵ ئەوەشدا بە پشت بەستن بە زەین و بەبێ ئەوەی خۆی ئامادەبێت لەچوارچێوەی دیالۆگەکە گفتوگۆی نێوان کارەکتەرەکان بۆ خوێنەر ئاشکرادەکات.

لەڕۆمانی (ئەڵوەن)دا دیالۆگی ناڕاستەوخۆ بەفراوانی پشتی بێبەستراوە، بۆ نموونە دیالۆگی نێوان کارەکتەر (سۆفی)ی گوندنشین لەگەڵ کارەکتەر (حاجی ئەمین)ی دوکاندار لەبارەی قەرزەکانی نێوانیان، لەلایەن کارەکتەری سەرەکی/گێڕەڕەوە پێشکەشدەکرێت، بەجۆرێك سەرەتا ڕوونکردنەوە لەسەر فرۆفێڵەکانی کارەکتەر (حاجی ئەمین) دەدات: (**حاجی ئەمین بە منطق تێی دەگەیاند حیسابەکە غەڵەتە، مانگایەك و گوێرەکەیەکە...**)، پاشان بەم شێوەیە دیالۆگەکەیان پێشکەشدەکرێت:

**حاجی ئەمین دەیوت:**

- **سۆفی وەیس وەو حەجەرولئەسوەدە، کەئەی دەستانەم وەبانی هاوردمە، وەقەوری سەیدەلمورسەلین محمد (ص)، وەو ئاو زەمزەمە کە گشت تاوانێك شورد، فەرموو ئەیە قووتوویگ ئاو زەمزەم.**
- **ئەی خودا لەلیمان نەسیندەد.**
- **سۆفی وە واحیدلقەهار قەد فەرقد نییە وەگەل براگانم...**
- **خودا لەلید ڕازی بوود.** (ئەڵوەن: ٧٢-٧٣)

ئەم دیالۆگە کە نزیکەی چوار لاپەڕە درێژە دەکێشێ لەجۆری ناڕاستەوخۆیە و لەلایەن کارەکتەر/گێڕەرەوە پێشکەشکراوە بەبێ ئەوەی لەڕووی (کات) و (شوێن)ەوە ئامادەی گفتوگۆکانیان بێت، بۆ ئەم مەبەستەش جێناوی کەسی سێیەم لەدەستپێکردنی دیالۆگەکە بەکاردەهێنی لەدەستەواژەی (**حاجی ئەمین دەیوت**)دا، لەهەمان کاتدا لەڕێی ڕوونکردنەوە و شیکاریکردن بۆ وتەی کارەکتەرەکان، ئامادەیی خۆی لە زەینی خوێنەر دەچەسپێنی، خوێنەریش لەکاتی خوێندنەوەدا هەست بەدەنگی ڕۆماننوس دەکات کە لەدەرەوەی جیهانی ڕۆمانەکەوە قسەو باسەکانی پێڕادەگەیەنێ،

ئەگەر چی لە پێش پێشکەشکردنی دیالۆگەکەدا گێڕەرەوە دەستەواەی (ڕەنگە پێتان سەیر بێ) دەردەبڕێ، ئەمەش بۆ سەلماندنی ئەوەی کە ئەوی گێڕەرەوە کارەکتەرێکە لەناو ڕۆمانەکەدا، چونکە ((بەکارهێنانی جێناوی قسەکەر وادەکات ڕووداوەکان زیاتر ریالیستی بن))، بەوەی جێناوی قسەکەر زۆرجار سیمای گەواهیدەر بەکارەکتەر/گێڕەرەوە دەبەخشێت ئەگەر وەکو گێڕەرەوەیەکی شاهیدحاڵ تەنها بە پشت بەستن بەو باس و بابەتانەی لەبازنەی جیهانی ئەندێشەکراوی ڕۆمانەکەدا دەیانبینێت یان گوێبیستیان دەبێت دیالۆگەکان ئاراستەی خوێنەر بکاتەوە، لەم بارەشدا کارەکتەر/ گێڕەرەوە زانیاری سنووردار پێشکەش دەکات و قورسایی لێکدانەوەو شیکردنەوە دەکەوێتە ئەستۆی خوێنەر، بەلام وەك لەدیالۆگەکەی سەرەوەدا و بەشی هەرەزۆری دیالۆگەکانی تری ڕۆمانەکەدا دەردەکەوێت ڕۆماننوس (ئەحلام مەنسور) زیاتر لەخەمی گەیاندنی پەیامێکی کۆمەلایەتیی و مێژوویيدایە، هەربۆیە ڕۆماننووس زەمینەخۆشدەکات بۆ کارەکتەر/ گێڕەرەوە زووزوو بەڕوونکردنەوەو شیکردنەوەکانی بۆ سەلماندنی واقیعیەتی باس و ڕووداوەکان ئامادەبێت و لەسیمای (گێڕەرەوەی هەموو شتزان)دا دەکەوێ،هەروەها ڕۆماننووس بۆ بارگاویکردنی هەستی واقیعیەت لەدەقەکەیدا زمانی ناوچەیی دەکات بەزمانی گفتوگۆکردنی کارەکتەرەکانی.

ڕۆماننووس لە نموونەیەکی دیکەدا دیالۆگی ناڕاستەوخۆی کارەکتەری لاوەکی (مەجە تورشیچی) لەگەل کارەکتەرێکی نەناسراودا، بەم شێوەیە پێشکەشدەکات:

بەیانێك هەر جارەو زەلامێ پێی دەوت:

- خالۆ... بەیانیان خایە فرۆشید، ئیوارانیش تورشی... شەویش پارەکەی دەیدە عەرەق.
- وە توو چە ئەرا شەڕفرۆشیدە پیم؟ ئەرا تێیدە خڕ دەورم؟ چەتواید لەلیم سەر نەیدە سەرم؟ خایە نێسینی قسە مەکە... هەی حیز و دز، هەی سورتگ واز لە لیم بارن؟!. (ئەلۆەن: ١١٠)

ئەوەی لەڕۆمانی (ئەلۆەن)دا تێبینی دەکرێت، ئەوەیە دیالۆگی ناڕاستەوخۆ زیاتر لەسەر زاری کارەکتەری لاوەکی و باس و ڕووداوی لاوەکیدا پێشکەشکراوە، چونکە ڕۆماننووس ویستوویەتی لەڕێیانەوە تیشك بخاتە سەر زۆرترین دیاردەی ناو فەزای ڕۆمانەکەی.

## ئەنجـــام:

١. دیالۆگ بەهایەکی گرنگی لەژیانی مرۆڤدا هەیە و دەبێت بەناسنامەی هزری و رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی تاك، بەهەمان شێوە دیالۆگ لەرۆماندا گرنگی و بایەخی تایبەتی هەیە و بەدەرلەوەی دەبێت بەناسنامەی کارەکتەری ناو رۆمان، هەروەها رۆڵێکی گرنگ لە بەرهەمهێنانی کۆمەڵێك رەهەندی جۆربەجۆر لە پرۆسەی گێرانەوەدا دەگێرێ ، لەوانە رەهەندی فرەدەنگی و رەهەندی فرەگۆشەنگایی لەگەیاندنی زانیاری.

٢. رۆماننووس (ئەحلام مەنسور) لەرێی جۆرەکانی دیالۆگەوە توانیویەتی هەستی واقیعیەت و راستی باس و بەسەرهاتەکان لە زەینی خوێنەر فەراهەمبکات و ئەمەش بووە بەزەمینەساز لەبەکاربردنی شێوەزاری خانەقینی لە دیالۆگی نێوان کارەکتەرەکان لەرۆمانی (ئەڵوەن)دا.

٣. رۆماننووس سوودی لەهەردوو شێوازی راستەوخۆ و ناراستەوخۆ وەرگرتووە لە پێشکەشکردنی دیالۆکی کارەکتەرەکاندا، بەمەش فرەشێوازی لە پێشکەشکردنی دیالۆگ لەرۆماندی (ئەڵوەن) بەدیهاتووەو لەبەر پەرۆشی رۆماننووس لەگەیانی وێنەکانی ناو جیهانی ئەندێشەکراوی رۆمانەکەی هاوشێوەی ژیانی راستەقیەنە زیاتر پشتی بەدیالۆگی ناراستەوخۆ بەستووە.

## سەرچاوەکان:

[i] ف.ف. كوزينوف، الرواية ملحمة العصر الحديث: موسوعة نظرية الادب اضاءة تأريخية على قضايا الشكل، القسم الثاني، ترجمة: جميل نصيف التكريتي،دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦، ص٣٥.

[ii] فاتح عبد السلام، الحوار القصصي تقنياته وعلاقاته السردية، المؤسسة العربية للدراسات والنشر ، بيروت،1999 ، ص٢١.

[iii] نەجم خالید ئەڵوەنی، تەکنیکی دایەلۆك لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی چیرۆکی کوریدا، چاپخانەی ئارا بخا، کەرکوك، ٢٠٠٦، ل١٥.

[iv] جەلال ئەنوەر سەعید، گفتوگۆ لە رۆمانی کوردیی کرمانجیی خوارووداا (١٩٩١-٢٠٠٣ز)، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی، ٢٠١٠، ل٦.

[v] فاتح عبد السلام، الحوار القصصي تقنياته وعلاقاته السردية، ص٥٦.

[vi] ئەحلام مەنسوور، ئەڵوەن- رۆمان، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٤.

[vii] نەجم خالید ئەڵوەنی، تەکنیکی دایەلۆك لە هەندێ نموونەی هاوچەرخی چیرۆکی کوریدا،ل٣١.

[viii] زاهیر رۆژبەیانی، کاروباری گێرانەوە، دەزگای چاپ و پەخشی ئاراس، هەولێر، ٢٠١١، ل١٨٨.

[ix] سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩.

x خالد سهر محي الساعدي، البناء الفني في الرواية التاريخية العربية ١٨٧٠-١٩٣٩، رسالة ماجستير، كلية الآداب، جامعة بغداد، ١٩٨٩، ص٩٢.

xi فاتح عبد السلام، الحوار القصصي تقنياته وعلاقاته السردية، ص٢٢.

xii تودوروف، شعرية النثر، ت: أحمد المدني، مجلة الثقافة الأجنبية، العدد الأول، السنة الثانية، ١٩٨٢، ص٥٧.

xiii د. نوال بنت ناصر السويلم، الحوار في المسرح الشعري بين وظيفة الدرامية والجمالية في مصر من عام ١٩٦٠/١٩٩٠م، دار المفردات للنشر، الرياض، ٢٠٠٨، ص٥٥.

xiv فاتح عبد السلام، الحوار القصصي تقنياته وعلاقاته السردية، ص٣٢.

xv د. عدنان خالد عبدالله، النقد التطبيقي التحليلي، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٦، ص٧١-٧٢.

xvi حەمە مەنیك، تەكنیكی فرەدەنگی لە ڕۆمانی كوردیدا-كرمانجی خواروو ساڵی ٢٠٠٠-٢٠١٠، چاپ و بڵاوكردنەوەی سلێمانی، ٢٠١٣، ل٧٧.

xvii پەریز سابیر، بینای هونەری چیرۆكی كوردی لەسەرەتاوە تا كۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، ٢٠٠١، ل٢٤٣.

xviii يمنى العيد، تقنيات السرد الروائي في ضوء منهج البنيوي، دار الفارابي، بيروت، ١٩٩٠، ص١٠٠.

xix دیار فایەق، بونیاتی وەسف لە ڕۆمانی (ڕێگا)ی (محەمەد مەولود مەم)دا، نامەی ماستەر، زانكۆی بەغدا، كۆلێژی پەروەردە، ٢٠٠٨، ل١٥٣.

xx محمد عزام، فضاء النص الروائي مقاربة بنيوية تكوينية في ادب نبيل سليمان، دار الحوار للنشر، اللاذقية، ١٩٩٦،ص٦٥.

## ملخص البحث

إن بَحثي الموسوم بـ( الحوار في رواية "ئەلوەن" للروائية أحلام منصور) يسعى إلى مقاربة الرواية عبر فاعلية الحوار للشخصيات من خلال تحليل أبعادها الفنية والموضوعية، وبيان أسلوب الروائية بإدخال اللهجة الخانقينية في فضاء النص ، وهذه الدراسة تَضَمَّنَت "مُقَدمة، ومَدخَلاً ومبحثين، ففي المدخل عرضت مفهوم الحوار ودوره في تحريك الشخصيات ضمن معالم النص لروايتنا ، أمَّا المبحث الأوَّل تناولت أنواع الحوار - البسيط، والتحليلي ،والترميزي - من خلال المشاهد التطبيقية المحللة داخل رواية " ئەلوەن" ، ثم جاء المبحث الثاني لدراسة أساليب تقديم الحوار – المباشر وغير المباشر - في رواية " ئەلوەن" ، وفي نهاية المطاف تأتي الخاتمة متضمِّنة أهم النتائج التي توصل إليها الباحث، باختصار غير مخل، يتلو ذلك قائمة بالمصادر والمراجع.